# ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- ئامۆژگاریمانی دەکرد لە ڕۆژانی پێنج شەممەدا

لە شەقیقی کوڕی سەلەمەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: «ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- ئامۆژگاریمانی دەکرد لە ڕۆژانی پێنج شەممەدا، پیاوێک پێی ووت: ئەی ئەبو عبدالرحمان، حەز دەکەم هەموو ڕۆژێک ئامۆژگاریمان بکەیت، ئەویش (ئیبن مەسعود) ووتی: «ڕێگر لەمە ئەوەیە حەز ناکەم تووشی بێزار بوون وناڕەحەتیتان بکەم، من ماوەی جارێک ئامۆژگاریتان دەکەم، وێڕای فەرمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەمان شتی لەگەڵ ئێمە ئەنجامدەدا، لە ترسی ئەوەی نەوەک بێزار بین».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شەقیقی کوڕی سەلەمە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- لە هەموو ڕۆژانێکی پێنج شەممە ئامۆژگاریانی دەکرد وبیریانی دەهێنایەوە، پیاوێک پێی ووت: ئێمە حەز دەکەین هەموو ڕۆژێک ئامۆژگاریمان بکەیت، ئەویش (ئیبن مەسعود) ووتی: ڕێگر لەمە ئەوەیە حەز ناکەم تووشی بێزار بوون وناڕەحەتیتان بکەم، من ماوەی جارێک ئامۆژگاریتان دەکەم ودەڕوانم بۆ ئەوەی بزانم تا چەندێک پێویستیان بە ئامۆژگارییە وێڕای فەرمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەمان شتی لەگەڵ ئێمە ئەنجامدەدا، لە ترسی ئەوەی نەوەک تووشی بێزار بوون ببین، چونکە لە کاتی بێزاری وناڕەحەتیدا ئامۆژگاری کردن هیچ سوودێکی نابێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3082